# ڕۆمیۆ و پشیلەکان

**کامیار ئەحمەدی**
**(سنە)**



چەندجار بەتەنیا بە هاوڕێکەی وت: «خەیاڵی مردنم هەیە»، بەڵام هاوڕێکەی هیچکات بڕوای بەم قسە نەبوو. هاوڕێکەی لە تاران دەژی و ئەم لە سنە.

لە ماوەی هەفتەیەکدا چوارنامەی بۆ هاوڕێکەی ئیمەیل کرد و لە هەموویانا نووسی: «خەیاڵی مردنم هەیە».

ئەم زۆر تەنیابوو. لە تاران دەژیا. شانۆی لە زانکۆی هونەری تاران تەواو کردبوو. دوای تەواوبوونیش نەگەڕایەوە بۆ سنە. ئەکتەرێکی باشی لێدەرهاتبوو، لە تاران بە ئەکتەرێکی چاک دەناسرا، بەڵام ئەو بەبۆنەی ئەوەی کچ بوو، باوکی ڕازی نەبوو لە تاران بمێنێتەوە، بەم بۆنەوە ئەمی بەجێ هێشت و گەڕایەوە بۆ سنە.

ڕۆڵی «ڕۆمیۆ»یان پێداوە، قەرار وایە تا ئاخری ئەم مانگە شانۆکە لە هۆڵی گەورەی شانۆی تاران نمایش بکرێ. «ڕۆمیۆ» لەوکاتەوە ئەو چووبووە سنە زۆر هەستی بە تەنیایی دەکرد.

زۆر ماندووە، ئەمڕۆ پرۆڤەیەکی زۆریان کردووە. ماڵی لە نهۆمی ١٠ی ئاپارتمانێکی ١٣ نهۆمییە. دەرگای ماڵی کردەوە، سێ بەچکە پشیلەکە هاتنە پێشوازییەوە، «وا دیارە ئەمڕۆ زۆر برسیتان بووە ببوورن پشیلە کەرەکانی خۆم». ڕۆیشت لەنێو سەلاجەکە دوو بتڵ شیری دەرهێنا و ڕژاندییە نێو کاسەیەک بۆیان. پشیلەکان خێرا دەستیان بە خواردنی کرد.

«ڕۆمیۆ» جلەکانی دەرهێنا و چوو بۆ حەمام دووشێکی گرت. بە خاولییەکە خۆی وشک کردەوە.

کۆمپیووتەرەکەی داگیرساند تا چێک مەیلێک بکات. ئەو بۆی نووسیبوو: «... بگەڕێوە و خەیاڵی مردنم هەیە...».

جگەرەیەکی پێکرد و لە ژوورەکەی هاتە دەرەوە لەسەر مۆبلە تاکییەکەی نێو هەیوان دانیشت. دووان لە

پشیلەکان لەسەر مۆبلە سێ کەسییەکەوە بوون و «ڕۆمیۆ»یان سەیر دەکرد، ئەوی تریان بە تۆپێک لەنێو هەیوانەکە یاری دەکرد.

جگەرەکەی کوژاندەوە و چوو لەبەر پەنجەرەکە ڕاوەستا و پەردەکەی لادا. لە خۆڕا دەستی کرد بەگریان، بەچاوە پڕ لە فرمێسکەکانی سەیری شارە هەرە زلەکەی تارانی دەکرد، کە لە ئاسمانێکی پڕ لە ئەستێرە دەچوو.

پەردەی پەنجەرەکەی داخستەوەو ئەو بەچکە پشیلەیەی کە بە تۆپەکە یاری دەکرد گرتە باوەشەوە و ماچی سەری کردەوە و پێکەوە چوون بۆ حەمام.

دەرگای حەمامەکەی داخست. پشیلەی خستە نێو تەشتە سوورەکە. گوێزانێکی ڕیش تاشینی هەڵگرت و بۆ دوایین جار پشیلەکەی سەیرکرد. پشیلە حەز لە ئاو ناکات. دەستی خستە ژێر ملی پشیلەکە و گوێزانەکەی کێشا بە قۆڕگیا، خوێن دەرپەڕی، گوێزانەکەی بەرداو خێرا بە هەردوو دەست پشیلەی گرت تاکو بەتەواوی گیانی دەرچوو.

«ڕۆمیۆ» زۆر ماندووە. دەرگای ماڵی کردەوە. دوو پشیلەکە هاتنە پێشوازییەوە.

ئەو دووبارە بۆی نووسیبووی: «خەیاڵی مردنی هەیە...».

* * *

کلیلی لە گیرفان دەرهێنا دەرگا بکاتەوە. چاوی پڕببوو لە فرمێسک. دەزانێ کاتێک دەرگای کردەوە ئیتر هیچ پشیلەیەک بە پێشوازییەوە نایەت.

دووبارە «ژوولیەت» نووسیبووی: «... خەیاڵی مردنی هەیە...» .

زۆر ماندووە. ئەو هەرگیز بڕوای بەو ڕستانەی کە بۆی دەنووسرێت نەکردووە. خەریکە سەیری مۆبلەکان دەکات کە ئیتر هیچ پشیلەیەک لەسەریانەوە یاری ناکات.

«ڕۆمیۆ» چووە نێو حەمامەکەو بۆ هەمیشە نەهاتە دەرەوە. «ڕۆمیۆ» ئیتر لە هیچ شانۆیەک یاری نەکرد.

ساڵێک لە مەرگی «ڕۆمیۆ» تێپەڕیوە.

کاتێک لە سنە لەگەڵ هاوسەرەکەی لە پارکی سپیدار پیاسەی دەکرد و پێدەکەنی، پشیلەیەک هاتە سەر ڕێگەیان. ترساو قۆڵی مێردەکەی گرت و خۆی لە پشیلەکە دوور خستەوە.